ئیدریس عەبدولقادر موستەفا:

ئا:باوکی هۆزان

گوندی دەرەشیش سەرووبچەند رۆژێك وێرانبونی شاری هەڵەبجەو کیمیابارانکردنی, ئەوە بۆمن رۆژێکی سەیربوو, یەکەم رۆژو بۆیەکەمجارم بوو بتوانم بۆماوەی چەند رۆژێك لەماڵ بچمە دەرەوە لە کاتێکدا من هێندە منداڵ نەبووم بەڵکو تەمەنم ١٦ ساڵان بوو، ئەوەبوو لەبەرواری ١٠/٣/ ١٩٨٨ بە تکایەکی زۆر و پاڕانەوەم لە باوم کە ڕێگەمبدات بچم بۆ ماڵ خزمێکی خۆمان لە سلێمانی، بەڵام هەرچەند دەکۆشام نەیاندەهێشت و ڕازی نەبوون ئەمەش لەبەرئەوەبوو کەوا من تاقانەبووم، برای شەش خوشك بووم هەمووشیان لەخۆم بچوکتر بوون، لەبەرئەوە دەستبەردارم نەدەبوون بچمە هیچ کوێیەك، بەڵام ئەمجارەیان قەدەری خوای گەورە ڕازی بوون، بچم بۆ سلێمانی بەڵام لەوێ ئیسراحەتم نەکردوو کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە ڕوویدا، کە من هێشتا ئەم ووشەیەم نەبیستبوو، بۆیە زۆر بەلامەوە سەیر بوو کە باسدەکرا، یەك دوو ڕۆژێك هەروا باسدەکرا گوایە قەسفکراوەو شەڕ هەیە، ئیتر دوای یەك دوو ڕۆژ ووشەی کیمیاباران دەکرا، ئەمە ناوشاری سلێمانی بەتەواوی گرتەوە، ئیتر لە هەموو کوچەو کۆڵانێکی شاری سلێمانیدا دەنگۆی ئەم کارەساتەت دەبیست، منیش تەنها مامەیەکم لە شاری سلێمانی بوو، ئەویش بۆ کارێك هاتبوو، لەوێ یەکمانگرتەوە و بڕیارماندا بچینەوە بۆ هەڵەبجە ، ئێمە هاتینە سەید صادق، بەڵام عەسکەرێکی زۆری تێدا بوو بەهیچ زیاتر نەیاندەهێشت لەوێ زیاتر بڕۆین، ئیتر بە ناچاری و بەدڵێکی غەمبارەوە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، غەمباریەکی وا کەوەك دنیا ئاخر بووبێت لەلائێمە وابوو چونکە کە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی ئاگامان لە کەس و کارمان نەما لەشاریش تەنها ماڵێکمان شك دەبرد بچین، ئەویش چەندڕۆژ و چەند مانگ؟! ئیتر گوێقوڵاغ بووم، بۆ دەنگ و باسیان بزانم ماون یان نا؟ هەموو ڕۆژێك دەهاتمە ناو بازاڕەکە هەرچەند زۆریش شارەزا نەبووم کەچی بەعسیە جەلادەکان لەوێش نەیاندەهێشت ئارام بگرین، لەبەرئەوەی دەگەڕان بەدوای هەڵەبجەییەکاندا، چەند جارێك منیان گرت بەڵام لەبەرئەوەی هێشتا بچووکبووم بەریاندەدام، ئیتر ئەمڕۆژەم دەدایە دەم ئەو ڕۆژ بۆ هەواڵێك هیچم دەست نەدەکەوت، ئیتر بێزارییەکی وا دایگرتم وەك بەسەر ئەم دنیایەوە نەبم وابوو بۆ من ئەو ماڵەشی کە منیان داڵدەدا بوو بەهۆی منی هەڵەبجەییەوە زۆر نارەحەت ببون، گیانم بە کوڕەکەیان بوو کە زۆر دڵنەوایی دەکردم و قسەی خۆشی بۆ دەکردم، لەڕاستیدا منیش زۆر دڵم بەو دەکرایەوە ، کەمێك لەئازارو خەمەکانمی کەم دەکردەوە. من ڕۆژانە بەخەمی خێزانەکەمانەوە دەتلامەوە ڕۆژێکیان لەگەڵ مامەم لە گەڕەکی ئازادیەوە بە پاص دەهاتینەوە خوارەوە ئەو ڕۆژە هەر لە بایانییەکەیەوە تەندروستیم باش نەبوو، وەزعم خراپ بوو، مامەم خێرا بردمی بۆ نەخۆشخانە، لەوێ چەند دەرزی و حەبێکیان پێدام و مامەم هێنامییەوە بۆ ماڵ ناسیاوەکەمان، خێرا جێگایان بۆ داخستم و دور لە سۆز و خۆشەویستی دایك و باوك و خوشکەکانم خۆم داپۆشی، ئیتر وورده وورده ئازار شاڵاوی بۆ هێنام لەپڕ دەست و قاچم ڕەق هەڵاتن و وەستان، ئیتر ئێشیان نەکرد، ئازاریشم زۆر زۆر بوو ناچار قیژاندم و هاوارمکرد، کە بێن بە دەممەوە، ئیتر هاتن وبەچوار دەستە هەڵیانگرتم و بردمیان بۆ ناو سەیارەیەك و بەخێراییەکی زۆر فڕاندمیان بۆ نەخۆشخانە، لەوێ بەخێرایی ئاویان بۆ هەڵواسیم، دکتۆرێك هات تەماشای کردم و ووتی : بیبەن بۆ ژووری تایبەت کە بردمیانە ئەوێ کابینەیەك بوو، لەدوری خەستەخانەکەوە، ئیتر مواجەیان لێ قەدەغەکردم، چونکە توشی

دەردە **کۆلێرا** بوبوم، ئیتر لەگەڵ دکتۆرێکدا بۆماوەی ٩ شەو هەرلەو کابینەیەدا بەدووقۆڵی ماینەوە , پاشان وورده وورده بەرەو باشتر دەچوم , کاتێکیش دەرچووم دوای **١٤** رۆژ داوای جل و بەرگەکەی خۆمم کردەوە کەچی وەڵامێکی سەیریاندامەوە کابرایەك ووتی :بابە برۆ بەس نییە خۆشتیان نەسوتاندووە**!**منیش ناچاربووم بە دشداشەو جلی خەستەخانە گەڕامەوە بۆماڵەکە, تەنها(٥) دیناریشم پێبوو, یەکدووڕۆژێك لەماڵەکە کەوتم تا عیلاجەکان تەواو بوون,ئیتر کەوتمەوە گوێقوڵاغبونی هەواڵی باوکم و خوشکەکانم, ئەم دەنگ و باسە چوبووە قوڵەی قافەوەو خەبەرێکیان هەرنەبوو, چەندجارێك خەڵك دەهات و هەریەکەو هەواڵێکی پێبوو یەکێك دەیگوت ماون و هەزار دەیگوت نەماون, یەکێك دەیگوت ماون و لەفڵانە شوێنن, ئەمانە زۆر کاریگەری خراپیان دەکردە سەرم, زۆرجار بەتەنها دەچوومە شوێنێك و دەچومە خەیاڵەوە و پاشان ئاوبەچاوانما دەهاتە خوارەوە, دەستم دەکرد بەگریان, بەم حاڵەوە ماوەی شەش مانگێك لەو ماڵە مامەوە, ئیتر لەتوانامدا نەماو بیرم لەوە کردەوە بچم بەرەو ئێران, ئەمەم بەمامەم ووت, ئەویش پەسەندی کرد, برادەرێکی قاچاغچی دۆزیەوە کەهەردووکمان بەبڕی ٢٠٠ دینار لە قەندیلەوە بگەیەنێتە خاکی ئێران ئیتر مەوعدمان لێوەرگرت و تارۆژی رۆشتنمان هاتە پێشەوە , لەگەڕەکی ئازادی شاری سلێمانیەوە من و مامەم سواری پاص بووین, بەو نیازەی سەعات حەوتی بەیانی لەبازاڕبین, لەپڕ یەکێك دای لەتەنیشت پاصەکەو پاصەکە وەستا, کەسەیرمانکرد یەکێکە لەدۆستەکانمان, بانگی مامی کردو ووتی کاك خالید دابەزن, نازانم ئەم ڕێکەوتە چۆن بوو؟! ئەم پیاوە لەئۆردوگای نەسرەوە چۆن گەشتبووە ئازادی, چۆن ئاگای لەئێمە بووە کەسواری ئەم پاصە بووین, کە ئێمە دابەزین سەرمان سوڕمابوو, مامەم ووتی کاکە خێرە چۆن گەشتویتەتە ئێرە, ئەویش وەڵامی داینەوە: باوکم ناردومی تا فریاتان بکەوم و نەیەڵم برۆن بۆ ئێران, ئینجا ووتی: جاوەرن بابچین بۆ ئۆردوگای نەسر بۆ ماڵی ئێمە, لەڕاستیدا من زۆر بێتاقەت بووم, لەوەی کەسەفەرەکەمان سەری نەگرت, چونکە ئەوەندەی بیری ماڵەوەمان و باوکم و کەس و کارم دەکرد, خەریك بوو شێت دەبووم.

کەگەشتینە نەسر ئەو پیاوەی لەگەڵماندا ووتی: کاکە خزمێکی نزیکی خۆتان لە ئێران هاتۆتەوەو هەواڵی ئێوەش دەپرسێ, ئێمەش وتوومانە واخەریکن بۆ ئێران دەچن بەڵام ئەو پێی ووتوین مەهێڵن بانەچن, ئیتر ڕۆژێکیان مامەم هات ووتی ئیدریس بۆچی بۆخۆمان نەچینە باریکەو لەوێ هۆدەو خانویەك بگرین و تیایدا دابنیشین, باچیتر ئەزیەتی ئەم ماڵە نەدەین(مەبەستی ماڵەکەی سلێمانی بوو) ماڵەکە پورزای باوکم و مامەم بوو, منیش بەناچاری بەمە قایل بووم, چونکە دڵم بەوان دەکرایەوەو کوڕەکەیان هاوڕێم بوو, قسەی خۆشی بۆدەکردم و دڵنەوای زۆری دەکردم, بەهەرحاڵ من و مامەم بەسەڵتی ڕومانکردە ئۆردوگای زۆرەملێی باریکە (برایەتی) چوینە ماڵی ئاوەڵزاوایەکی مامەم کە دوو کچی ئەوانیش شەهید ببوون, کەیەکێکیان هێشتا شووی نەکردبوو, ئەویش بەسەردان چوبووە هەڵەبجە بۆماڵی مامەم.

کابرا ووتی بۆ هیچ شوێنێك مەچن لەهۆدەیەکی ئێمەدا دانیشن مامەشم دوای مەمنونی دەربڕین ووتی ماڵی خوشکێکم لەنەسرە دەچم خوشکەزایەکی خۆم دەهێنم , بائیش و کارو بنەوانیمان بکات, ئەو کچە کەمامەم دەیویست بیهێنێت بۆلامان خاڵۆزای خۆشمی دەکرد, بەڵام کابرا بەمە ڕازی نەبوو سوێندی لێخواردین و ووتی: ئەگەر کارێکی وابکەن بەخزمتان نازانم و لێرەش جێگەتان ناکەمەوە, ئێمەش بەناچاری بەگوێمان کردو کچە خاڵۆکەمان نەهێنا بۆئەوێ, بەم حاڵەشەوە نزیکەی ٩ مانگێك لەوێش ماینەوە, ئەوەی هەقە باسی

بکەم ئەوەیە لەوماوەیەدا کابرا نەخۆی و نەژنەکەی تەنانەت قسەیەکیان نەکرد پێی نارەحەت ببین, ئیتر مامەم ووتی ئیدریس دەمەوێت داوای کچێکی خاڵۆت بۆبکەم, چی دەڵێیت؟منیش چونکە رەئیەکان لەدەست خۆمدا نەبوو ووتم نازانم خۆت دەیزانی, ئیتر مامەم چووبوو بۆ داوای کچە خاڵۆکەم و ئەوانیش رازی ببوون, هەمووی ماوەی هەفتەیەکی پێچوو کە چووین بۆمارەبرینی , هەروا پێنج مانگێك دەستگیرانم بوو, رۆژێك مامەم ووتی: وادیارە ئێمە باربکەین بۆنەسرو نزیکی ماڵی خاڵۆت ببینەوە باشترە, منیش پرسیم بۆچی؟لەبەرئەوەی لەوێ خانویەك دەگرین و نزیك ماڵی خاڵۆت بێت باشترە ، تۆش ژنەکەت بگوازەرەوە، من ئەمەم پێ خۆش نەبوو چونکە لەباریکە راهاتبوومو نەسریشم زۆر بەلاوە ناخۆش بوو، چونکە لەماوەی ئەو نۆ مانگەدا کۆمەڵێك هاورێی زۆر باشم پەیدا کردبوو، دایك و باوکیان دەیان ناسیم و دڵیان پێم دەسوتا ، هەرکاتێك خواردنێکی خۆشیان ببوایە بە کورەکانیان دەگوت ئیدریس بانگ بکەن با بێتەوە بۆ ئێرە ئەوانیش دەهاتن و تەکلیفیان لە مامەم و ماڵی ئاوەڵزاواکەی دەکرد کە ئەو ئێوارەیە لەگەڵ ئەواندا بچم .

سەرەنجام باریکەم بەجێهێشت و بەرەو ئۆردوگای زۆرەملێی نەسر رۆشتین لەوێ خانویەکمان لە نزیك ماڵی خاڵۆمەوە گرت و هەروا ماوەی مانگێك لەو خانوەدا بووین من ژنەکەمم گواستەوە ، بەڵام بەراستی نەسر زۆر ناخۆش بوو کەسمان نەدەناسی ، دەستم کورت بوو، زۆر بەهەژاری دەژیان. لەو ماوەیەدا رۆژێك چووم بۆ سلێمانی و سەردانی ئەو ماڵە خزمەمانم کرد کە لێی مابوومەوە، دانیشتبوین لەپرێکدا کابرایەکی دۆستی ماڵەکە هات بەڵام من نەمدەناسی و ئەویش منی نەدەناسی خاوەن ماڵەکە پرسیاری لێ کرد ئەرێ دەنگ و باسی ئێران چی یە ئەو خزمانە کێ ماوە کێ نەماوە ئەویش ناوی چەند کەسێکی هەڵدا ئەوە ماوە و ئەوە مردووە ئەنجا ووتی ماڵی عبد القادری مستەفای لای خۆشمان (کە باوکی من دەکات) بەتەواوەتی تێداچوون و ئەڵێن کورەکەیان ماوەو لە سلێمانی یە خاوەن ماڵەکەش بە هەناسەیەکی ساردەوە ووتی وەڵا ئەمە کورەکەی ئەوە ، بەڵام من دنیام لێ ئاخیر بوو نەمدەزانی چی بکەم؟! نە بە گریان نە بە هاوار هیچ شتێکیش دادی نەدەدام ، هیچ شتێك نەبوو ئەم ئێشە سەخت و بە ئازارەم لە کۆڵ بکاتەوە یەك پارچە گڕ و ئاگر بەر بووە گیانم ، هەر ئەو ئێوارەیە ئۆقرەم لەبەر براو گەرامەوە بۆ ماڵەوە بۆ ماوەی مانگێك نەمدەزانی کە مرۆڤم لەپڕ نەخۆشیەك لێیدام و ئازارێکی زۆر بە تەوژمم بۆ هات و بورامەوە بەخێرایی سەیارەیان هێنابوو هەر ئەو شەوە هێنامیانەوە بۆ سلێمانی و سەعات یانزە گەیاندمیانە نەخۆشخانە بە پەلە عەمەلیاتیان بۆ کردبووم بۆ بەیانیەکەی هۆشم هاتەوە بەر خۆم، مامەم پێی ووتم گۆشتێکی زیادە نزیکەی کیلۆ و نیویێك دەبێت لە مەعیدەتا بووە تەنانەت دکتۆرەکانیش سەریان سورمانەوە، بەو حاڵەوە هەشت شەو لە نەخۆشخانە مامەوە و ئازارێکی زۆرم هەبوو ، دواتر دەریانکردم و گەرامەوە بۆ ماڵەوە، هەردوو شەو لە ماڵەوە بووم هەناسەم توند بوو ، دیسان بە خێرایی بردمیانەوە بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی ، کە گەیشتمە ئەوێ پاش ئەوەی چەند فەحسێکیان بۆ کردم ، خێرا نقڵیان کردم بۆ کەرکوك، حەوت رۆژیش لە کەرکوك مامەوە ، تا دەهات حاڵم خراپتر دەبوو ، ئینجا هەستم کرد وورده وورده لەپێ دەکەوم ، هەر هاوارم دەکرد بۆ ئەوەی نقڵم کەن بۆ بەغداد ، ئەوانیش هەر دەیانگوت چاوەرێی ئەنجامی فەحسەکانین ناردومانە بۆ بەغداد، فەحسی ئەو پارچە گۆشتەی کە لە سکمدا بوو ئیتر نەتیجە نەدەهاتەوە و منیش خەریك بوو دەمردم ناچاربووم پێیان بڵێم ئەگەر نەمنێرن لە خەستەخانە دەچمە دەرەوە و خۆم دەرۆم چی دەبێت بابێت با بمرم، ئیتر لەسەر ئەرکی خۆم نقڵیان کردم بۆ بەغداد لەگەڵ مامەم رۆشتین بەڵام من هیچ نەمدەتوانی بەپێ برۆم هەر پەنجا مەتر دەرۆشتم و دەبوایە دابنیشتمایە، هەرچۆنێك بوو گەیشتینە

دەرەوەی خەستەخانەکە ئیتر سەیارەیەکیان بە خسوسی هێنا و چوین بۆ بەغداد ، لەوێ دەستی دەستیەکی زۆریان پێکردین ، شوێنەکەمان نە دۆزیەوە ، خەریك بوو شەومان بەسەردا دەهات، ئیتر تاریکی کرد، منیش نەمدەتوانی لە شوێنی خۆم بجوڵێم ، ئیتر نازانم چۆن بوو مامەم شوێنەکەی دۆزیەوە هەر لەناو خەستەخانەکەدا ئیسعافێکی بۆ هێنام و بردمیانە ئەو ژوورەی کە لەسەر وەرەقەی نەقڵەکەم نوسرابوو ئەو شەوە بەرەو مەرگ دەڕۆشتم و لەتاو ئازار دەمردم و زیندوو دەبوومەوە، دەبورامەوەو هۆشم دەهاتەوە بەر ، هەرچی دەهات هەر عەرەب بوو، مامەشم هەر دەگریا بەدیارمەوە و عەرەبیشی باش نەدەزانی ، دکتۆریش نەدەهات بەهانامانەوە ، ئەو شەوەم لێ بوو بە ساڵێك نەدەبڕایەوە ، بۆ بەیانی کە ڕۆژ بویەوە بردمیان بۆ فەحس و تیشك ، پاشان تەختیتی دڵیان بۆ کردم ، ئەو شەوە بەهەمان شێوە لەو قاوشەدا مامەوە من بەتەواوەتی ئاگام لە خۆم بڕا ، ئیتر چاوم نەیدەبینی ، قاچم نەدەجوڵا بۆ بەیانی کە دیسان ڕۆژ بووەوە خستمیانە سەر عەرەبانەیەك ، بەرەو شوێنێك پاڵیان پێوە دەنام ، کەسێك لەوانە پاڵی بەعەرەبەکانەوە دەنا ببیەن بۆ ئەو سەر کوردێك لەوێیە ، ئیتر بردمیان بەڵام لەدوای ئەوەوە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ئاگام لە خۆم نەما کە چی ڕویداوە ، پاشان کۆمەڵێك دکتۆر هاتن یەك دوو فەحسیان کردم ، دەستیان دەدا لە سکم و کەلەکەم ، پاشان لەسەر فایلەکەم عیلاجیان نوسیبوو، دکتۆرێکی کوردی هەولێری لێبوو ووتی: دەرزیان بۆ نوسیووی توك بەسەرتەوە نامێنێ ، منیش ئازارمم زۆر زۆر بوو ، ووتم هیچم ناوێت تەنها بمێنم و ئەم ئازارەم لە کۆڵبێتەوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە هێشتا وورەم بەرز بوو، ڕۆژی ٤ شەممە بوو، دەرزیان لێدام، زۆر بێتاقەتی کردم، تا ئێوارەی ڕۆژی شەممە هیچ توك بە سەرمەوە نەما ، هەرچەندە قژیشم زۆر بوو، کەچی هەمووی بەدەست دەردەهات، من کەمێك گیانم پێمابوو مامەشم بێتاقەت ببو، بە دیارمەوە کەسیش نەدەهات بۆ لامان و سەردانمان بکات ، چونکە هەم شوێنەکەمان دور بوو هەم خەڵکیش سەرقاڵی ژیان و گوزەرانی خۆی بوو، ئیتر پاش دەرزییەکان من وورده وورده ، بەرەو باشی دەچووم، هەتا وای لێهات بە پێی خۆم دەمتوانی بچم بۆ دەرەوە دەرزیەکانیش هەفتەی جارێك بوون، کەوام لێهات ئیتر خۆم بجوڵێم داوام لە دکتۆر کرد ، مۆڵەتم بدات ، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو لە ماڵەوە دابڕابووم، بەتەواوی بێتاقەت بووم لە نەخۆشخانە برادەرێك لە تەنیشتم بوو ناوی (حسیب قەرەداغی) بوو ، کاتێك من چووم ئەو لەوێ بو ، ئەویش هەمان نەخۆشی منی هەبوو ، چونکە ، قاوشەکە تایبەت بوو بەم نە خۆشیە (نەخۆشی خوێن) بوو نزیك بوو لە نەخۆشی شێرپەنجەوە، ئەو برادەرە(حسیب) لە من وەزعی باشتر بوو ، چەند ڕۆژێك بەیەکەوە بوین ، ئیتر ئەو بەرەو باشی ڕۆیشت و دەریانکرد ، منیش داوامکردوو ووتم دکتۆر ئیجازەم بدە، دەچمەوە بۆ ماڵەوە ووتی ئاخر دەبێت هەموو هەفتەیەك لێرە ئامادەبیت، دەرزی بدەی لە خۆت، منیش ووتم باشە . بۆبەیانیەکەی ئیجازەی ٧ ڕۆژی بۆ کردم و بەرەو ماڵ هاتینەوە، لە ڕێگا وەزعم خراپ بوو، کە گەیشتینەوە دوز خورماتوو، خراپتر بووم، بەڵام تازە زۆر دورکەوتبووینەوە لە بەغدا هەرچۆنێك بوو گەیشتینەوە ماڵی خۆمان ، دوو ڕۆژ لەماڵەوە بووم بەڵام تا دەهات وەزعم خراپتر دەبوو، بە پەلە بردمیانەوە بۆ بەغدا ، لەوێ ٧ڕۆژی تر مامەوە گەڕامەوە ئیتر ناو دەمم هەمووی بوو بە زام ، تاکو قورگم نەمدەتوانی تەنانەت محەلبیش بخۆم ، ناچار گەڕاندمیانەوە بۆ بەغدا ، دکتۆرەکە ووتی ئەوە کاریگەری دەرمانەکان، لەبەرئەوەی بەهێزن ، کە گەیشتمەوە بەغدا تەماشا دەکەم کاك حسیب لەوێ پاڵکەوتووە کە ئەوم بینی تەواو ئەژنۆم شکاو وورەم بەردا ، لە دڵی خۆمدا ووتم دیارە ئەم نەخۆشیە، کوشندەیە کاك حسیب هەموو گیانی بووە زام، حاڵ و ئەحواڵم لێی پرسی بە ئاستەم قسەی دەکرد ، کوڕێکی تریشی لێبوو هی حزبی دیموکرات بوو ، ئەویش هەمان نەخۆشی هەبوو، وەك من کەسی نەمابوو ، ئەو

بەستەزمانە هەردوو چاوی کوێر ببوو، کورێکی تری تەوێڵەیی لێبوو پشتی خوێنی دروست نەدەکرد، خوێنەکەی دەسووتاند، هەموو ڕۆژێ ٤-٥ بتڵ خوێنیان تێدەکرد، لەگەڵ سێ کوردی تردا، تا ئەو هەفتەی من چومەوە ماڵ و گەڕامەوە ئەوان هەموویان گیانیان لەدەستدا ، من بەهەواڵی مردنیان زۆر دڵتەنگ بووم، ووتم منیش ڕۆژێك هەر تووش دەبمەوە، بەڵام خودای گەورە دەرفەتی دام و ئارەزوی لەسەر نەبوو، ئێستا ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو باشی دەڕۆم ئیتر دەرزیەکانم لە ٧ ڕۆژ جارێکەوە بۆ کرا بە مانگی جارێك ، کە دەبێت بۆ ماوەی ٩ مانگ سەردانی دکتۆر بکەم، عیلا جەکانم تەواو بوو دواهەمین دەرزیم لە لێدانی عێراقدا بوو لەلایەن ئەمریکاوە، ئەو ڕۆژە دەرزیم هەبوو کە چی خەریك بوو لەو لێدانەدا بکوژرێم بەم شێوەیەم لەم نەخۆشیەش ڕزگارم بوو ئەمە تەنها کورتەیەکە لە ژیانم .